# له یادی هاوڕێ و خۆشەویستم ڕەئوف کاملدا

عەلی مەحمود محەمەد 25-5

ئازیزم ئەمە 12 ساڵی تەواوە بە جەستە لەبەر چاوم ونیت , لێ وتەو ئامۆژگارییەکانت , ڕەفتار و جەسارەتت لە ویژدانمدایە , ماوەی یەکتر ناسینمان هەرچەندە زۆر کورت بوو , بەڵام پڕ بوو لە یادگاری و خەون بینین بە ژیانەوە ,خەون بینین بە ڕزگاری مرۆڤایەتی و یەکسانییەوە .جگە لەوەی تۆ یەکەم تیرۆر کراوبویت لە بادینان لە هەمان کاتدا یەکەم زیندانی سیاسیش بویت لە دیموکراسیەکەی کوردستاندا , هەروا یەکەم ئەندام پەرلەمانیش بویت دەرگایان لێت داخست , یەکەم پەرتووکیش لەسەر تاوانی ئەنفال بە خامەی ڕەنگینی تۆ نوسرا , تۆ لە تێکۆشان و مەرگدا هەریەکەم بویت , نازانم چەندی دیکە لە یەکەمەکانت باس بکەم .

تۆ تاوانت لەژیاندا هەرئەوەندە بوو خەمی هەژاران و گەلی چەوساوەی کوردت لە کۆڵ نابوو , دەتویست نان لە قورگی شێر بۆ هەژاران دەربێنیت و چالاکانە بەشداری بکەیت لە خەباتی گەلێکی ئەنفالکراوی وەك کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان , بۆیە خەم و ئازاری تۆ چوار بوو .

نازانم لە یادی شەهید بوونت بە دەست و قەڵەمتدا هەڵبدەم یان بە سەلیقەی شۆڕشگێڕانەت , یاخود بە جورئەت و لە خۆبوردویت , یان بە سادەیی و... و یان و یان .

لە کوردستاندا شانازی بەوەوە دەکرێت گوایا زیندانی سیاسی نییە , بەڵام کونجەکانی شایەدی میوانداریەتی تۆو سەدانی وەك تۆن بۆ ئەو مۆڵگەیەی سەرکووت , لەوەش زیاتر تاکو ئێستا لە کوردستان چەندین تێکۆشەری ناسراوی وەکو تۆ تیرۆر کراوە , کەچی لە گوڵ خراپتر بە ئەنجامدەرانیان نەوتراوە , ئەمەیە دیموکراسییەت بە ڤیشەکەوە ,تاکو ئێستا کەسێك بە تاوانی ئەنجامدانی تیرۆری سیاسی لە کوردستان نەك دادگایی نەکراوە , بەڵکە لێشی نەپرسراوەتەوە . باشە تاکو تیرۆری سیاسی بە سانایی ئەنجام بدرێت , زیندانی سیاسیمان بۆ چییە قەتیش نامانبێت .

لەکاتی خۆیدا وترا بکوژانی ئێوە , دەستێکی ڕەشی بەعس بوە , هەڵاتونە بۆ موسڵ , بەڵام خۆ ئێستا بەعس نەماوەو مەلەفەکانیش هەموو ئاشکرا بوونە , پرسیارێك بەرەو ڕووی هەمووان دەبێتەوە , ئایا کەی بکوژانی تۆو هەموو تیرۆر کراوانی سیاسی دادگایی دەکرێن ؟؟؟, ئەوە قەت نابینین .

لە یادمە ئەو ڕۆژەی هەواڵی تیرۆر کردنی تۆم بیست , وەکو هەموو ڕۆژانی دیکەی ژیانم , لە 4 بەیانیەوە لەسەر کار بووم , پێمیان ڕاگەیاند ڕەئوف کامل تیرۆر کراوە و لافیتەی لە پاڵ قەڵا بۆ هەڵواسراوە , باوەڕم نەکرد بە پەلە کارەکەم بەجێ هێشت چووم بۆ سەیر کردنی لافیتەکەت , کە بەچاوی خۆم ئەو پەڕۆ ڕەشە سەرەخۆرە نەگریسەم بینی زانیم هیچکە ناتبینمەوە , دوا بینینت ئەو لافیتەیە بوو,پاداشتی تێکۆشان و خەباتت چەند گولەیەك بوو لە بری مەدالیا نرا بە سنگتەوە , سەروەت و سامانیشت ئەو پەڕۆ ڕەشە بوو بۆت هەڵواسرا , بێشك پاداشتی تاوانبارانیش بە گوڵ دراوەتەوە .

تێکۆشان و باوەڕت بەرزو بەرێزە لە دڵی گەلی چەوساوەی کورددا.